







ئا: هاشم ئەمین

# فازڵ ئەسکەندەر بۆ خەڵاتی نۆبڵی ساڵی 2012 کاندید دەکرێت

بەپێی هەواڵێک کە لە رۆژنامەی(ئەدەبیە)ی روسی بڵاوکراوەتەوە، یەکێتی نووسەرانی مۆسکۆ بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی سالی 2012 لە بواری ئەدەبدا (فازڵ ئەسکەندەر) نووسەرێکی رووسی بەرەگەز ئەبغازی دەسنیشاندەکات.

پرۆفیسۆر یوفغنی سیدۆرۆف سکرتێری یەکەمی نووسەرانی مۆسکۆ روونیکردووەتەوە، کە بەپێی پەیرەوی ناوخۆی سندوقی خەڵاتی نۆبڵ پێشکەشکردن بۆ کاندیدکردنی ئەم خەڵاتە دەبێت لە رێی ئەم شوێنانەوە بێت، ئەکادیمیای سویدی و ئەکادیمیاکانی دیکە، ئەو کۆمەڵەو رێکخراوانەی کە لە بواری ئەدەبدا کاردەکەن، مامۆستاکانی بەشی مێژوو ،ئەدەب، زمان، ئەوانەی خەڵاتی نۆبڵیان لە بوارەی



ئەدەبدا وەرگرتووە، هەروەها ئەوانەی نوێنەرایەتی سەندیکا و ڕێکخراوە پسپۆری و داهێنانەکاریەکان دەکەن لە وڵاتەکانی خۆیان.

سیدۆرۆڤ ئەوەشی وت کە چەند بنەمایەک هەیە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ کە هەموو کەس مافی خۆی وەردەگرێت، ئێمە لەم یەکێتیە بە پشت بەستن بە یەکخستنی داتاکان و ڕاوێژ لە نێوان سەرکردەکانی یەکێتی نووسەرانی مۆسکۆ کەسەکە دیاری دەکەین ، یەکێتییەکەی ئێمەش بۆ خەڵاتی ئەدەبی ساڵی 2012 (فازڵ ئەسکەندەر) لە بواری ئەدەبدا کاندیدکردوە، کە لە ڤیستڤاڵی ئازادیی و مافی مرۆڤ بە تەواوی، وەک میوەیەکی پاککراو لە ڕۆمانی (ساندرۆ من شیغیم)دەرکەوت کە بڕوامولیە، ئەم نووسەرە باشترین کاندیدە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ.

هەلبژاردنی فازڵ ئەسکەندەر کە پێشتر لەلایەن یەکێتی نووسەرانی مۆسکۆوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوبانگ و ئەو بۆچوونانە لەسەر ناوبراو لە نێوان دامەزراوە ئەدەبی و ڕۆژنامەوانییەکانی مۆسکۆوە وتراوە، بە تایبەتی ڕێکخراو و دامەزراوەکانی بواری نووسین، جگەلەوەش نابێ ڕۆڵی یەکێتی نووسەرانی روسیا لە یاد بکەین بۆ کاندیدکردنی فازڵ ئەسکندەر هەرچەندە یەکێتی روسیا بۆ لە چاپدانی کتێب پێشتر پشتگیری ناوبراویان کردبوو.

جێیی بیرهێنانەوەیە نووسەر و ڕۆژنامەنووس و شاعیر فازڵ ئەسکەندەر یەکێکە لە ناودارترین نووسەرە کۆمیدیەکان، کە زیادەڕۆیی زۆر کردووە لەسەر هونەری گاڵتەجاری لەسەر (گرارماسار و گوڵ گوڵ و شدرین)، هەروەها وێنە ئەدەبی و بیرەکانی لەسەر دەرخستنی شتە ناشرین و سلبیەکانی نێو کۆمەڵگە و دژیەکی ، خەیاڵ و واقیع، جوانی و فرمێسک، تراژیدیا و کۆمیدیا بەشێوەیەکی گاڵتە جاری خستووەتەروو.

ئەسکەندەر لە نێوان ساڵانی 1954 کاری ڕۆژنامەوانی کردووە، لە ساڵی 1952 بە ناوبانگترین هۆنراوەی بڵاوکردەوە، یەکەم چیرۆکیشی بەناوی (مەسەلەی یەکەم) لە گۆڤاری تەلایع لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا بڵاوکردەوە، لەچیرۆکە بەناوبانگەکانی ( مأپر هرقل الپلاپون، اپمره المرحه) چیرۆکێکی دووردرێژ بەناوی (بورج الجدی) ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆمان و چیرۆک، بەناوبانگترین ڕۆمانە داستان ئامێزەکانی (ساندرو من شیغیم) کە لە کۆتایی ساڵی 1977 کە لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەت بڵاونەکرایەوە تا ساڵی 1989، لەبەر ئەم بەرهەمانەی یەکێتی نووسەرانی مۆسکۆ هەلیانبژارد بۆ وەرگتنی خەڵاتی نۆبڵ لە بواری ئەدەبیدا بۆ ساڵی 2012.

جێی ئاماژەیە فازڵ ئەسکەندەر لە ئەبغازیا لە ساڵی 1929 لە دایکبووە ، چەندین بڕوانامەی لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، روسیا و چەندین بڕوانامەی لە بواری ئەدەبدا لەسەر ئاستی جیهاندا بەدەستهێناوە.